**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوە و بەراوردی مەینۆشیی (ساقی وابادەوەی هێمن موکریانی لەگەڵ دوو دەقی مەینۆشیی منوچهری دامغانی)

## توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

**هیمن کریم محمد صالح**

مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی هەلەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عیراق

hemn.kareem@uoh.edu.iq

Hemn.karim@komar.edu.iq

**مەریوان حسین فرحان**

مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی بەروەردە وزمان، زانکۆی چەرمو، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق

Marewan.husen@charmouniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١٣

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٣٠

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**Keywords**: Wine, Drinking, Hemn Mukriani, Menuchhri Damghani.

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.1.22

## پوختە

یەکێک لە بابەتە گرنگەکان، کە بەردەوام ڕەنگداوەیەکی زۆری لە ئەدەبیاتی میللەتاندا هەیە بابەتی مەینۆشییە، لە مەینۆشییدا شاعیران هەمیشە لە پەسنی شەراب و کۆڕی شەرابنۆشان و خۆشیی ئەو دانیشتنەدان، ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەدەبیاتی فارسیدا سەرەتا لەلای ڕوودەکی سەریهەڵدا، بەردەوام دەبێت، تا لای دامغانی بە لوتکە دەگات، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا مەی و شەراب بە واتا دنیاییەکەی لەلای هێمن موکریانی بابەتێکی گرنگ و هەمیشەییە لە شیعرەکانیدا و هەر لەبەر هەمان مەبەست لەنێو شاعیرانی کورددا (هێمن)مان هەڵبژارد، ئەوەی جێی پرسیارە بۆ ئێمەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەردوو شاعیرە لە هۆنینەوەی ئەم جۆرە هۆنراوەیەدا و بەکارهێنانی مەی و شەرابە بۆ چۆنییەتی ئازادبوونیان لە سەختییەکانی ژیان و چۆنییەتی چێژوەرگرتنیان لە مەینۆشیی و مەیخانە و کۆڕ و مەجلیسی مەیخۆران، واتە ئەم دیاردەیە لای هەردوو شاعیر چۆن ڕەنگیداوەتەوە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی وەسفیی – شیکاریی بەراوردی شیعرێکی مەینۆشیی (هێمن موکریانی) و دوو شیعری (منوچهری دامغانی) بکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەی، ئەنجامەکەشی ئەوە دەخاتەڕوو، کە پیاهەڵدان و پەسنی شەراب لە بیربردنەوەی کێشە و کاری دنیایی براوە و ئاسوودەبوون و پەسنی گەیشتن بە دڵخۆشی و چێژ و ڕەوینەوەی خەمەکان لە تایبەتمەندییە لێچووەکانی شیعری مەینۆشیی ئەم دوو شاعیرەیە.

## پێشەکی

مەنوچەهری پیاوێکی شادو کامەران و خۆشگوزەران بووە، لە ستایشی مەی و کۆڕی مەیخۆراندا شیعری زۆری هۆنیوەتەوە، ئەمەش نیشاندەری حەزی زۆری پیاوێکە بۆ مەی و حەزی هەمیشەیی ئەو بۆ مەی و شادی ژیانی ڕاستەقینەی پیاوێکی هەمیشە مەستە، پێدەچێت هەر ئەم زیادەڕەوەییە لە خواردنەوەی مەیدا هۆکاری زوو مردنی بووبێت، مەنوچەهری شاعیرێکی دەرباربووە و لە دەرباردا ژیانی بەسەربردووە، ئەو میر و کاربەدەستانەی ئەو سەردەمەی دەربار ئارەزوویەکی زۆریان بۆ شیعری عەرەبی هەبووە، ئەویش خۆی وەک عاشق و دیوانەی شیعری عەرەبی نیشاندەدات.

قەسیدەکانی بە ناوی شاعیران و ئەفسانەکانی عەرەب لە سەر کێشی عەرەبی ئەنەخشێنێت، قەسیدەکانی بە ڕوونی چاولێکەریی قەسیدەکانی شاعیرانی عەرەبی پێوەدیارە، شیعرەکانی زیاتر لە ژێر کاریگەری شاعیرانی عەرەب بە تایبەتی ( ابو نواس و امرءوالقیس)دا بووە، چونکە ئەو دوو شاعیرەش زۆر کات مەست بوون، ئەمیان خۆشویستووە، مەنوچەهریش خۆشەویستییەکی زۆری بۆ شیعری کەسایەتی ئەو دوو شاعیرە هەبووە، بۆیە لاساییانی کردووەتەوە، واتە ئەم دوو شاعیرەی عەرەب کاریگەرییەکی تەواویان لە سەر شیعرەکانی مەنوچەهری هەبووە، لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین، کە مەنوچەهری بابەتی زۆری شیعریی جیاوازی لە شاعیرانی عەرەب وەرگرتووە، لەنێو شیعرەکانی خویدا بە کاریهێناوە بەتایبەت ئەو شیعرانەی، کە دەچنە خانەی مەینۆشیی و ساقینامەوە. (خسروی، ١٣٨٦: ١٠٧-١٠٨).

هێمن موکریانی، لە بنەماڵەیەکی دیندار و شێخزادە و خاوەن سەروەت و سامان، چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بەڵام شاعیر ئەم ڕێگەیەی هەڵنەبژاردووە و چەندین قۆناغی سەختی لە ژیاندا بڕیوە و بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە، ئەگەر شاعیر ڕێچکەی باووباپیرانی بگرتایە، پێدەچێت تووشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو تەنگوچەڵامانەی ڕۆژگار نەبووایە، ئەگەر هەمان پیشەی شاعیریش هەڵبژاردایە ناوەڕۆک و وێنە شیعرێکانی زۆر جیاوازتر دەبوون لەو نموونانەی، کە ئێستا بوونەتە ناسنامە و بابەتی شیعری شاعیر، ئەمەش نیشانەی ڕەتکردنەوەی ژینگەی خێزانی شاعیرە و بەرپەرچی ئەو باگراوەندە دینییەی خێزانەکەی داوەتەوە، کە ویستوویانە (هێمن)ی پێ بارگاویی بکەن، وەک شاعیر لە یادەوورییەکانی ژیانیدا دەڵێت: (( بابم کە خەت و ئینشای منی دیت، گوتی ڕۆڵە بوویە میرزا و خوێندنی مەدرەسە بەسە بچۆ مەدرەسەی دینی بخوێنە و جێی مەلای چۆڕی بگرەوە، زۆرم پێ ناخۆش بوو)). (دیوانی هێمن موکریانی، ٢٠٠٥:٤٢)

هێمن چەندین بابەتی شیعریی لە دەقە شیعرییەکانیدا دەبینرێت، زۆر کات لە قەسیدەیەکدا زیاتر لە بابەتێکی بەکارهێناوە، سەرباری جوان پەرستی و وەسفی قەدوباڵا و دووریی و دابڕان و ئاهوحەسرەت هەڵکێشان بۆ دولبەرەکەی و پیاهەڵدان بە جوانییەکانی کیژی کورددا، خەمی نەتەوە و نیشتیمان و مرۆڤدۆستیی بوونەتە هەوێنی بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی و زۆر ڕاستگۆیانە و بەبێ گوێدانە تەمەن و کلتوری کۆمەڵگاکەی ڕازونیازی دڵی بەیانکردووە، لە ڕووی ڕووخسار و بابەتی شیعریی و قاڵبەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی فارسەوە، ئەوەی جێی باسە لەم توێژینەوەیەی ئێمەدا زیاتر تیشکخستنەسەر دیوانی ناڵەی جودایی و بە تایبەت قەسیدەی (ساقی واباده‌وە)ی، شاعیرە، شاعیر لەم قەسیدەیەدا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شیعری فارسییەوە، بە تایبەت (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی)، بە تایبەتیش لە ڕووی بەیانی حاڵی خودی شاعیرەوە لە هەندێک جێشدا بۆ پاڵشتی و زیاتر سەلماندنی دۆخی خودی شاعیر وەک بەڵگە شیعرێکی (مەولانا) دێنێتەوە و لە ڕووی کێشیشەوە کێشی عەرووزی و ئەو دەریایانەی هەڵبژاردوە، کە زیاتر شاعیرانی فارس پەیڕەویانکردووە، بابەتی مەینۆشیی یەکێکە لە دیارترین دەقە شیعرییەکانی شاعیر و بە ئاشکرا ئاماژە بە مەی و شەرابی دنیایی دەکات، کە ئەمە زۆر بە دەگمەن لە شیعری ئەو سەردەمەی شاعیرانی کوردییدا دەبینرێت، هەرچەندە لەوەوپێش شەراب لە ئەدەبی کوردیدا بوونی هەبووە، بەڵام بەو مانا عیرفانییەی، کە لە شیعرەکانی حافزی شیرازی و مەولانادا وێنەی مەعشوقەیەکی ڕاستەقینەیان دەبەخشی.

نووسینی ئەم قەسیدەیەی (هێمن) سەرچاوەی ئیلهامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەنیایی و دووروڵاتی و پڕیی لە خەمی خودیی و گەلەکەی، مەستییەک سەراپا شاعیر داگیردەکات، بە ١٠٩دێڕەشیعر قەسیدەیەک بنووسێت، کە ببێتە ناسراوترین دەقی شاعیر، دەقێک هەڵهاتن لە مەرگ و کۆڵنەدان، پڕ لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەسفی مەی و مەیخانە و هەڵچوون و پەنابردن بۆ ساقی و بادە، بنیادنانی دەقێک لەسەر بنەمای دووالیزمییەت و لە کۆتاشدا هەموو دوالیزمەکان یەکبگرنەوە.

## 1_ توێژینەوەکانی پێشوو:

ئەو توێژینەوانەی، کە تایبەتن بە مەینۆشیی لە ئەدەبی فارسی و بابەتە شیعرییەکانی (منوچهری دامغانی) بریتین لە:

ابن ڕەسوڵ(1385) لە توێژینەوەیەکدا بە بەراوردی مەینۆشیی عەرەبی و فارسی (ڕوودکی و ابو نواس) دوای باسکردنی کاریگەریی ئەدەبی فارسی بە ئەدەبی عەرەبی و ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی ڕوودکی لەم زەمینەیەدا و مەینۆشیی ئەبونواس و ڕوودکی، بە هێنانەوەی بەڵگە و گەواهی شیکاریی بەراوردکردووە، لە کۆتایشدا چۆنییەتی کاریگەربوونی شاعیرانی فارسی بە شاعیرانی عەرەبی نیشانداوە.

مرادیانی (1388) لە کۆتایی نامەی ماستەرەکەیدا لەژێر ناونیشانی (بررسی ومقایسەی ابن فارض مصری و حافز شیرازی)دا لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشەکان و چۆنییەتی دروستبوونی شیعری مەینۆشیی و بەرەوپێشچوونی ئەم بابەتە شیعرییەی باسکردووە و ئاماژەی پێداوە و دواتر (مەینۆشیی عیرفانی ومەعنەوی) دووشاعیری ناوداری فارسی و عەربی (ابن فارض و حافزی شیرازی) شیکردوەتەوە و لێی کۆڵیوەتەوە، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی دەستنیشانکردووە، ئەو کەرەستە شیعرییانەی، کە حافز لەم شاعیرەی وەرگرتووە ئاشکرای کردووە.

نەجارییان و کەهدەوی(1390) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (نگاه شاعرانە رودکی و ابو نواس بە خمریات) دوای باسێکی تێروتەسەل لەسەر جوانییەکانی مەینۆشیی و پەسنی مەی بە پشتبەستن بە وێنەی خەیاڵ بە تایبەت لێکچواندنەکان بەراوردی کەرەستەکانی (کاریگەری مەی، جوانپۆسی بادە، برسکانەوەو ڕوناکی، خۆشەویستی بادە، ساقی، گۆڕی مەی خۆران، ئەدەبنامە......)ی کردووە.

هێمن کریم(2021) لە نامەی دکتۆراکەیدا، لەژێر ناونیشانی( مطالعە تطبیقی خمریات در دیوان حافظ شیرازی و دیوان ملای جزیردا) نامەیەکی بەراوردییە باس لە ڕەنگدانەوەی شەراب و مەی و بادە لە شیعرەکانی ئەم دووشاعیرەدا دەکات، مەی و شراب چۆن بەکارهاتوون، کامیان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەویتریان لە مجازی و حەقیقی و بە کارهێنانی شەرابەوە، هەروەها دروست کردنی هەموو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنە خەیاڵیەکانی شاعیران لە ڕووی لێکچواندنەکانەوە چۆن دروست کراون، ڕێژەی بە کارهێنانی درکە و خواستن و لێکچواندن و خوازەوە خراوەتە ڕوو.

حمیدی(1393) لە نامەی ماستەرەکەیدا، لەژێر ناونیشانی( نقد و بررسی خمری سرایی در دیوانهای رودکی، منوچهری، عطار و خاقانی )دا، ڕەنگدانەوەی بادە و هۆگربوونی لە شیعری ئەم چوار شاعیرەدا، لەژێر ناونیشانی وەك: مادەکانی بادە و زیادەڕەویی لە باسکردنی بادە، تایبەتییەکانی بادە، یاسا و ڕێگاکانی تایبەت بە بادەنۆشی و...... پیشاندانی، دواتر وێنەگەلێك، کە تایبەت لە شیعری خاقانیدا هاتووە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە کۆتایشدا پێرستێك لە پێکهاتەی بادەو جۆرەکانی وەك: بادە، کە لای ئەم شاعیرانە دروستکراوە باسدەکات.

بەپێی ئەو بەدواداچوون و گەڕانانەی کردوومانە بۆ ئاشنابوون بە بابەتی ساقینامە، یاخود، مەینۆشیی لە ئەدەبی کوردییدا و بە تایبەت لای (هێمن)ی شاعیر، شتێکی ئەوتۆمان دەستنەکەوت، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند توێژینەوە و نامەیەکی ئەکادیمیی زانکۆیی دەکەین، کە تایبەتن بە شیعرەکانی (هێمن) ئەوانیش بریتین لە:_

دکتۆر فەرهاد قادر کەریم، بە توێژینەوەیەك لە گۆڤاری (مجلە کلیە الاداب) ی ژمارە(102)دا بە ناونیشانی (ڕەهەندیی دەروونی لە شیعرەکانی هیمندا) توێژەر باسی دەرکەوتنی شاعیر لەو پایە بەرزەدا بە گشتیی و لە شیعرەکانی ناڵەی جودایی بەتایبەتدا دەکات،توێژەر ئاوڕ لە ژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری (هێمن) دەداتەوە و دەبێتە پێویستیی باسەکەی، لەوێشەوە بەدوای چۆنێتی و چەندێتی ڕەنگدانەوەی بارە دەروونییە جیاوازەکان لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە و هۆکار و ئاکامەکانیان دەستنیشان دەکات، دواتر کاریگەری شوکردنی یارەکەی هێمن بە پیاوێکی دەوڵەمەند و بارە دەروونییەکەی ئەگەر لە دەقەکانی پێشویدا ئەم بیرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕابێت، ئەوا لە دەقەکانی( ناڵەی جودایی، هێلانەی بەتاڵ)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

دکتۆر فەرهاد قادر کەریم (2019) لە (مجلة الاستاذ علوم الانسانیە و الاجتماعیە )دا لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا)، توێژەر هێمن بە شاعیرێکی نوێخوازی کورد ناودەبات، بەوەی بایەخێکی تەواوی بە ژن و کێشەو گرفتەکانی ژن داوە و باوەڕی تەواوی بە یەکسانی ژن و پیاو هەبووە، هەمیشە هانی ژنانی داوە بۆ تێکۆشان لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی بەختەوەر و شاهانەدا، ئەمەش بە ئامانجی پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی دروست و پێشکەوتوو، بۆئەوەی بە شێوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانستییانە لەو دیاردەیە بدوێن، فیمینیزم لە شیعرەکانی هێمندا دەبێت بە دووبەش، بەشی یەکەم چەمکی فیمینیزم و پێگەی ژنی کورد، بەشی دووەم بابەتی ناونیشانی توێژینەوەکەیە، تیشکخراوەتەسەر سێ پرسی سەرەکیی پەیوەست بە ژنانی کورد، لەوانە: ( چارشێو و ئازادی ژن، خوێندن، خەبات).

دکتۆر عوسمان دەشتی(2009) لە توێژینەوەیەکدا، بە ناونیشانی (هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی)، توێژەر لەم باسەیدا دەگات بەو ئەنجامەی، کە هەرچەندە هێمن موکریانی، پاشناوی موکریانی لە خۆی نابوو، بەڵام شاعیری هەموو کوردستانە و بووە به سەرچاوە و ئینسکلۆپیدیایەکی فراوانی ئەدەب و کلتور و فەرهەنگی کوردیی ، جگە لە بواری شیعر، خاوەن چەندین وتار و بابەتی پەخشانیش بووە.

دکتۆر عوسمان دەشتی(2009) لە لێکۆڵینەوەیەکی تریدا، بە ناونیشانی: (بنیادی ئاوازو شێواز لەساقی نامەی ناڵەی جودایدا)، کە دەڵێت ساقینامە جۆرێکی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییە، هێمن لە سەرەتای حەفتاکاندا بە پەیڕەو لە ئەدەبی فارسیدا، تێکستێکی درێژی لەو بابەتە هۆنیوەتەوە، کە لە ئەدەبی کوردیدا پێشینەی نییە، ئەم تێکستە زۆر لایەنی جوانکاری ئەدەبیی و هونەریی و زمانیی تێدایە، کە مایەی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەن، ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر چەند لایەنێکی ئەو تێکستە، بە تایبەت لە ڕوانگەی واتا و بابەتی ئەدەبیی و هونەرەکانی کێش و ئاواز و بنیادی زمان و شێوازەوە، ناڵەی جودایی لە بارەی جۆری ئەدەبییەوە (ساقینامە)یە، ساقینامە خۆی تێکستێکی لیریکییە، لە بارەی تەکنیکەوە لە سەر قاڵبی جووت سەروا (مەسنەوی) بە زۆری لەسەر کێشی (موتەقاریب) دادەمەزرێت، ( موتریب و ساقی) لە وێنەی (سەنگی سەبوور) دەیان دوێنێ و دەردی دڵی خۆی بۆیان هەڵدەڕێژێت، ئەم تێکستەی لەژێر کاریگەری (مەسنەوی مەعنەوی)یەکەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیدا نووسیوە.

## 2- مەی و مەی خواردنەوە لە ڕووی تیۆرییەوە:

مەی لە ئەدەبیاتی فارسیدا، دوای بەهێزبوونی دەسەڵاتی سامانییەکان و گرنگیدانیان بە زانست و هونەرە جیاوازەکانی شیعر و ئەدەب، شاعیران کەوتنە هاتووچۆی دەرباری سامانییان و لە سەر بابەتی جیاواز شیعریان دەنوسی، یەکێك لەو جۆرە شیعر و نوسینانەی، کە زۆر فراوان و گەیشتە لوتکە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستەوخۆ قەرزاری ئەدەبی عەرەبییە، بابەتی شیعری مەی و مەینۆشییە، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك کەس پێیانوایە، کە شیعری مەی و مەینۆشیی فارسی تەواو لە عەرەبەوە وەرگیراوە.

یەکێك لە بەرچاوترین تایبەتییەکانی شیعری ئەو سەردەمە، لەسەر خۆشگوزەرانیی و کامەرانیی و بە خۆشی ژیانی زۆرێك لەو شاعیرانەیە، کە زۆریان ئەو ژیانەیان بەڕێکرد و ئەو کەشوهەوای خۆشگوزەرانیی و کامەرانییە لەنێو شیعرەکانیاندا دوور لە بێزاریی و دڵتەنگیی ڕەنگیداوەتەوە و بە هۆنراوە نیشانیانداوە، لەنێو بابەتە ئەدەبییەکانی سەدەی یەکی فارسی زیاتر( پەخشان و هۆنراوە) بەرچاودەکەوێت.

سەرباری بوونی ڕێگریی ئایین و ئایینزانان جەژنی مەی و یادی مەستیی بەردەوامیی هەبووە، شاعیران بێ هیچ ترسێك ئادابی ئەم ڕێوڕەسمەیان بەشیعر لەنێو کۆڕی گەورەی پیاواندا سازکردووە، لە ئەنجامەکانی شیعری ئەم دوو سەردەمە تاقیکردنەوەی جۆرەکانی شەرابنۆشین و دڵدان بە کچانی ناو ڕەز و ساقی و خۆشگوزەرانییە بەردەوامەکانی و ڕێورەسمەکان لەژێر ناونیشانی مەینۆشیی، یا ساقینامەدا ڕێکدەخرا.

بەهۆی کاریگەریی ئەدەبیاتی عەرەبی لەسەر فارسی، یەکێك لە جۆرەکانی ئەدەبیی، کە بابەتی مەینۆشییە هاتووەتەناو ئەدەبیاتی فارسیەوە، کە باسکردنە لە بادە و مەستیی و مەی، هەڵبەتە ئێرانییەکان لەگەڵ مەی و بادەدا پەیوەندییان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، بادە لە نێو ئێرانییەکاندا جێگەوپێگەی تایبەتیی هەبووە (حمیدی، ١٣٩٢: ١٤)

مەینۆشیی، سەربەخۆ لەگەڵ تاك مانا و فۆڕمی تایبەت لە شیعری فارسیدا لەلای ڕوودکی(٣٩٢ك) دەستپێدەکات، مەینۆشیی ڕوودکی لە ڕووی ناوەڕۆك و قاڵبەوە کێشی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی بەسەر شیعری ڕوودەکییەوە زاڵە، هەروەها ژینگەیەکی تەواو شادوڕەسەنی ئێرانیی، لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، ئەگەر لێکچوادنێکی وا هەبێت لەنێوان شیعری ڕوودکی و ئەبوونەواسدا، ئەوا پەیوەندی بە سونەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کە ڕیشەی کلتورێکی هاوبەش لەنێوان میللەتی هەردوو شاعیردا هەیە، هەڵبەتە شاعیرێکی وەک منوچهری دامغانی (٤٣٢ك) بە تەنها لەژێر کاریگەریی شیعری عەرەبیدا نەبووە، سەرەڕای ئەوەی لە شیعری مەینۆشییدا سودێکی زۆری لە ئەدەبیاتی عەرەبی وەرگرتووە، لە هەمانکاتدا چاولێکەریی رودکی شاعیری کردووە لە شیعرە مەینۆشییەکانیدا بە سوودوەرگرتن لە قاڵب و ناوەڕۆکی شیعری ئێرانیی (زرین کوپ، ٥١٣٣١: ٥١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قاڵبە شیعرییە باوەکانی شیعری مەینۆشیی، تا سەدەی شەشەمی کۆچی زیاتر بریتی بوون لە (قەسیدە، غەزەل، مسمط، پارچە، دوو بەیتی)، لە شیعری مەسنەوییدا وەك (شاهنامە، گرشاسب نامە، وەیس و ڕامین، پێنجینەکانی نیزامی)، هەروەها ئەمانە و نموونەگەلێکی بەربڵاوتریش لەچوارچێوەی واقیعی و داستانەکاندا دەبینرێت، تا ئەم کاتەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئەدەبی فارسیدا قسە لەسەر مەی ڕاستەقینەیە، کە نۆشدەکرێت و یەك واتای هەیە، بەڵام بە هاتنەناوەوەی عیرفان بۆ ناوشیعری فارسی، شەراب و جۆرەکانی مەی، واتای خوازە، درکە، خواستنی عیرفانی و ئەدەبییش لەخۆدەگرێت، مەینۆشیی بە مەبەستێکی تەواو عیرفانیی، ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە لە غەزەلیات و مەسنەویی، وەك (سەنایی و عەتار ومەولانای بەڵخی)دا دەبینرێت، ئەم ڕێچکەیە بەردەوامیی دەبێت، تا سەردەمی شاعیرانی هاوچەرخ، لای شاعیرانی وەك فروغ فروغزاد، مهدی اخوان سالس و نادرنادر پور... هتد. باسی شەراب و مەی و مەیخانە بە فراوانی بینراوە، بەڵام ئامانج لە شیعری هاوچەرخدا، زیاتر کۆمەڵایەتیی و سیاسییە.

مەینۆشیی لە ئەدەبی کوردییدا لەلای شاعیرانی کلاسیک بە واتا عیرفانییەکەی بە واتای مەستیی و چوونە خەڵوەت و دابڕان لە شتە پووچەکانی دنیا ڕەنگی داوەتەوە، لەژێر ناونیشانی ساقینامەدا بووەتە یەکێک لە بابەتە شیعرییەکانی شاعیرانی عیرفان و سۆفییزم، ساقینامە نموونەی ئەو ئەدەبە بەرزەیە مرۆڤ لە ڕێکخراوێک کۆدەکاتەوە و مەستی خودایی ناسنامەیان پێدەبەخشێت.

سەرەتای ساقینامە لە ئەدەبی کوردییدا دەگەڕێتەوە بۆ مەلاپەرێشان (١٣٥٦_١٤٢١)، کە کۆنترین شاعیری کوردە بە دیالێکتی گۆرانیی شیعری دانابێت و لە ساقینامەکەیدا ئەو ناوەڕۆکە شیعرییانەی، کە هەڵگری بابەتی سۆفییزمن لە چوارچێوەی شیعری ئاینی یارسان چووبێتەدەرەوە، یەکێک لە بەرهەمەکانی بە ناوی (ساقی نامەوە)، شاعیر لەم دەقەیدا پەیڕەوی ئایینزانی شیعە و بزووتنەوەی (حروفیە)ی کردووە و ناوەڕۆکی بابەتەکانیشی بەشێوەی فێرکارییە و بە ئاشکرا فەلسەفەی لۆجیک و عیرفانیان تیادا بەدیدەکرێت و دەڵێت:

ساقیا وەرە پەی مەستی سوودم مەستییەن زیان ژ هەستی
جامێ کە مەغزم باوەرۆ وە جۆش دونیاو مافیها بەم فەرامۆش

نەژەو بادی بەزم حەریفان ڕەدمەنهی مینەڵڵا موزەلیل خیرەد
مەستان مەجاز دێوەن مەس نیەن هەواپەرستان حەق پەرس نیەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(خەزنەدار، ٢٠٠٢: ٢٧)

## 3- کێڵگەی مەی و مەی خواردنەوە:

ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و چاولێکەرییانەی، کە لە شیعری کلاسیکی کوردییدا ڕەنگیداوەتەوە، لای شاعیرانی کلاسیك بەکارهاتووە، سودێکی زۆریان لێوەرگرتووە، گرنگترین وشەکانی ئەم بوارە بریتین لە: ( مەی، مەیخانە، ساقی، بادە، جام، قەدەح، خمر، مەستی، سەرخۆش، خەیاڵ، شراب، مدام.....) زۆربەی جار لەنێوان مەدلولی یەکەم و دووەمی ئەم وشانە پەیوەندییەکی ئایکۆنی لە ئارادانییە، زیاتر لە سەر بناغەی ڕاڤەکردن بەیەکەوەدەبەسترێن، بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکی پارادیکماتیکی بەهێز لەسەر بنەمای کێڵگە نیشانەییەکان سازدەکەن، یان دێننە ئاراوە.

مەی و شەراب و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کلاسیکی کوردییدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلای جزیری (١٥٧٠_١٦٤٠ز)، ئەگەر بێین بە وردیی لە ئەدەبیاتی کوردییدا باس لە ڕۆڵی مەیخواردنەوە و شەرابنۆشیی بکەین، دەبێت ڕاستەوخۆ بۆ دیوانەکەی ملای جزیری بگەڕێینەوە، جزیری لە بەشێکی تردا هەبوونی یار و گفتوگۆ و ماچی لێوی سوری یار بە مەرج دادەنێت بۆ ئارەزووکردن لە نۆشینی شەرابی سوور، هەروەها وەڵامە خێرا و بێ دوودڵیەکانیشی هەر لەناو پرسیارکردنەکەدایە، نموونە شیعرییەکانی ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناوەڕۆکی فەلسەفیی لە شیعرەکانی شاعیردا بوونی هەبووە، تێڕوانین و جیهانبینییەکی سەربەخۆی هەبووە دەربارەی عیشق و جوانی بۆ ژیان.(سالار عمر، 62: 2014).

مامۆستا بوتی زڤنگی دەڵێت: (یەکێکی وەک مەلای جزیری توشی جەزبەیەکی خوای و بایەکی شەماڵی سۆفیانە بووە، بەشەرابی خۆشەویستی ڕاستەقینە سەرخۆش بووە تاگەشتووەتە ئەم پلەیە لە عیشقی خودادا)، (رسول، ١٩٩٠ : ٥٧)، بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر جزیری کراوە، سەبارەت بە شەرابی حەقیقی و شەرابی دنیایی دیدوبۆچوونی جیاواز خراوەتەڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی (جزیری) لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی ساقینامە و دەربڕینی وشە و ئەو ڕەمزانەی، کە پەیوەستن بە مەی و شەرابەوە کەوتووەتەژێر کاریگەریی (حافزی شیرازی)یەوە، بەهەمانشێوەی حافز باسی لە مەستیی و پێکهاتەکانی مەیخانە و ئاماژەدان بە خەرابات و مەیخانە کردووە، بە شێوەی باڵا ڕوانیوویەتییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەراب و ڕەگەزەکانی، وتەی پیری عەشقی مەیخانەی بەسەر هەموو ڕێبازەکاندا سەرخستووە و گیانی پاک و دەروونی پاک لە نۆشینی شەرابدا دەبینێتەوە.

لە دونیای عیشق وخۆشەویستییدا مەی، یان شەراب ڕەمزی مەستیی و سەرخۆشیی و فەرامۆشکردنی هەموو ئەو شتانەیە، کە مرۆڤ لە مەعشوقەکەی دووردەخاتەوە، لە ڕاڤەی مەی و بادەدا عەشق، یان عەشقی ئیلاهی ئەوەیە، کە جگە لە مەعشوقەکانیان هیچ شتێکی تر لەناو دڵی عاشقدا نەهێڵێت، مەی و شەراب، کە هەستی بێهۆشیی دێنێت وەك ڕەمزێك لە عیرفاندا بەکارهاتووە، وەك مەسەلەی فەرامۆشکردن و وازهێنان لە هەمووشت، بۆیە لە مانگی ڕەمەزاندا، کە خواردن و خواردنەوە حەرامە ئەم مەیە بووەتە مایەی دڵگیری شاعیران و ئەویش بۆسەیان بۆناوەتەوە، کەی ڕەمەزان تەواوببێت و لە خەموخەفەتی دووریی شەراب و مەی ڕزگاریان ببێت، جا بۆیە ئەو ڕۆژەی کە بەیانییەکەی جەژنە لای شاعیران زۆر گرنگە هەرکە ئەو ڕۆژەی مانگەدردەکەوێت و خەڵکی دەیبینن ئەمە مووژدەی ئەوەیە، کە ئیتر ڕەمەزان تەواوبووە، بۆیە شاعیر شاگەشکە دەبێت، ڕوو لە پیاڵە و مەی دەکات، ڕوو لەوەش دەکات، کە پیاڵەی مەی وەبیر دەهێنێتەوە، لێرەدا برۆی هیلالی ساقی، یان مەعشوقەکەی، کە وەك هیلال کەوانەییە، وەك دەورو بازنەی پیاڵەی شەراب وایە و شەرابی وەبیر دەهێنێتەوە، خورەمشاهی دەڵێت: لەوانەیە هەندێ بڵێن کە ئەم مەی عیشقە هەمان مەی عاریفانەی مەعنەوییە کە لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ بادە و شەرابێکی ئەوتۆ لەگەڵ مانگی ڕەمەزان زۆر دەگونجێت. (روندی، 2004: 455).
مەلای جزیری دەڵێت:

عیدە و دا عالەمێ بانگێ صەفایێ خاص وعام     نەو ئەبرۆ نوماندن چۆ ژ بەرعەور و غەمام ماهی
خوەش ب دۆرجامێ اشارەت کر هیلالێ ساقیان     ماهتابێن زوهرە سیما چاردەها سالێ تەمام
مەلای جزیری،1393 : 432.

واتە هەورەکان لەسەر مانگ نەمان لادران، مانگ بینرا مەبەست ئەوەیە، کە بە بینینی یار برۆی باریکی یار بینرا پەردەی خەفەت و خەم لادران و چێژهات و برۆی هیلالی ساقیە جوانەکان لێرە ئاماژە بەمەی دەکات، کە دەڵێت کاتی ڕۆژوو کردنەوەیە، واتە بەربانگکردنەوە، ڕەنگ و ئاواز و قوڵتەی فنجانو جام و پیاڵە نەغمە و سەدای بەرز بوویەوە، بۆیە ملا هیلال ساقی هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم باسە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کرمانجیی ناوەڕستیشدا بەردەوامیی دەبێت، بەڵام بەئاماژەکردن بە وشەی مەی و شەراب و قەدەح و ڕەگەزەکانی مەینۆشیی لە وەسفی بەهار و چواندنی وێنە شیعرییەکاندا بە تایبەتی لە لای (نالی و وەفایی)، لە شیعری نوێی و هاوچەرخی کوردیشدا، جگە لەو ساقینامەیەی (هێمن) هیچ دەقێکمان بەرچاو نەکەوتووە، کە تایبەت بێت بەم بابەتە، (هێمن)ی هەست ناسک لە ئاوارەیی و دووره نیشتیمان و خۆشەویستدا شەرابی مەستیی و بێخودی سەریکێشاوە و دەنگی سەمای یاران و هەڵپەرکێی عیشق و ئازادیی وڵات دەنگێکە، کە گوێیەکانی بزرگێنێتەوە و بە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆیەوە بێتەسەر باسی خواردنەوەی مەی و شەراب و ڕووانینی بۆ ساقی و بانگهێشتکردنی مەیخۆران بۆ مەیخانە، ڕەهەندێکی سیاسیی و خۆشەویستی دنیای سەراپای قەسیدەکەی دادەپۆشێت، بە شێوەیەکی گشتی بنەمای تیۆریی ئەم تیۆیژینەوەیە، پشت بەستنە بە ئەدەبی بەراوردی بە سوودوەرگرتن لە هەموو قوتابخانە بەراوردییەکان، کە نوێترین شێوازی کارکردنە لە بواری ئەدەبی بەراوردیدا، لە ئەمڕۆدا زۆربەی توێژەرانی جیهان بەم شێوازە کاردەکەن بۆئەوەی خۆیان سنوردار نەکەن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی یەک قوتابخانەی ئەدەبی بەراورددا.

## ٤_ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن:

منوچهری دامغانی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە مەینۆشیی پانتاییەکی زۆری لە شیعرەکانیدا داگیرکردووە، لەم بەشەماندا سەرەتا تیشکدەخەینەسەر چۆنێتی بەکارهێنان و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتی مەینۆشیی لە هەردوو ساقینامەکەی منوچهریدا.

### ١/١/٤ چۆنێتی گەیشتن بە باغی ڕەزی ترێ:

شاعیر سەرەتا سوپاسی خوا دەکات، کە مانگی پایز هاتووە، چونکە لەم مانگەدا وادەی ترێ ڕەسان و دروستکردنی شەرابە و یەکەم هەنگاوانە بەرەو ڕەزی ترێ، لە ئێراندا ڤیستیڤاڵی ترێش لە وەرزی پایزدا ئەنجامدراوە، هاتووچۆی ڕێگای باغ و زۆر بوونی ترێ بە ڕێگای کا کێشان دەچوێنێت، چونکە ترێ هێندە زۆر بووە تەواوی ڕێگای باغەکانی گرتووە، شاعیر هێندە عاشقی گەیشتن بە باغ و پیاهەڵدانی داری مێو و ترێ بووە، گەڵای داری مێوی بە پەلکەزێڕینە چوواندوە و دەنکی ترێکەش بە مرواری و ناوکی ترێکە بە کافورێکی بۆنخۆش.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

از بسکه درین راه رز انگور کشانند — این راه رز ایدون چو ره کاهکشانست
چون قوس قزح برگ رزان رنگبر نکند — در قوس قزح خوشه انگور گمانست
آبی چو یکی کیسگکی از خز زردست — در کیسه یکی بیضه کافور کلانست
(منوچهری، ١٣٣٨ : ٧)

### ٢/١/٤ چۆنێتی بەدەستهێنان و پەروەردەکردنی ترێ:

منوچهری لە جیاتی بەرسیلە وشەی مناڵی ترێ بەکاردێنێت، چونکە پەروەردەکردن و گەورەکردنی ترێ بۆ دروستکردنی شەراب لای شاعیر هێندە بە بایەخ بووە، لەگەڵ جگەرگۆشەکانیدا جیاوازیی ناکات، هەرچیش لە بارەی ئەم بابەتەوە وتراوە ڕەتیدەکاتەوە، ترێ ڕەشیش بە ژنێکی ڕەشی بۆنخۆشی گرانبەها دادەنێت و دێتەسەر باسی چۆنێتی پێکهاتەی جەستەی ترێکە، تا لە خەم دەرەوێتەوەو بەرگی ترێکە بە گیانی مرۆڤ دادەنێت و سێ ناوکەکەشی بە خاوەنی سێ دڵ، خڕی و شێوەی ترێکە بە شووشەی عەتر و ئاوی ناو ترێکەش بە عەتر دەچوێنێت، ڕەشی ڕووخساری ترێکەش بە ڕەنگی مانگ دەچوێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕی، کە مانگ لە ڕاستیدا ڕەشە، بەڵام تیشکی خۆر ڕەنگی مانگی ڕوناککردووەتەوە، شاعیر پەروەردەکردن و بە دەستهێنانی ترێ بۆ شەراب هاوشێوەی مرۆڤ و گیانلەبەران، ئەندامانی جەستەی پێبەخشیوە، بەپێی ڕۆژگار لە گەورەبووندایە و پێی وایە، کە گیانی ترێ لە ناو دڵیدا نییە، بەڵکو سێ دڵەکەی ترێ کەوتووەتە کەناری گیانیەوە و دەرهاوێشتەکانی ترێ لە بری بۆنی ناخۆش میسک و عەنبەر بڵاو دەکەنەوە.

اکنون صفت بچه انگور بگویم — کاین هر صفتی در صفت او هزیانست
انگور بکردار زنی غالیه رنگست — و او را شکمی مهچو یکی غالیه دانست
اندر شکمش هست یکی جان و سەتا دل — وین هر سه دل او را از سه پاره ستخوانست
گویند که حیوان را جان باشد در دل — و او را ستخوانی دل و جانست روانست
جان را نشنیدم که بود رنگ، ولی جانش — همرنگی یکی لاله که در لالەستانست
جان را نبود بوی خوش و بوی خوش او — چون بوی خوش غالیه و عنبر و بانست
اگور سیاهست و چوماهست و عجب نیست — زیرا که سیاهی صفت ماه روانست
(منوچهری: ٨)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣/١/٤ لەسەربوون و لەپێشبوونی ترێ و شەراب:**

شاعیر ترێ لە سەرووی هەموو پیرۆزییەکانەوە دادەنێت و فەزڵی ئەداتەسەر هەموو بوونەوەر و پەرجووە ئاینییەکانیشدا، لێرەدا نموونەی (حەزرەتی مەریەم) و دووگیان بوونی دێنێتەوە، کە چۆن لە ڕێگەی دەمەوە دووگیان بووە، بەڵام شاعیر دووگیانبوونی ترێ لە سەرتر دەزانێت، چونکە پێیوایە، کە ترێش هاوشێوەی (مەریەم) شووی نەکردووە و دووگیانبووە، خڕی و پڕئاوی و گەورەبوونی دەنکی ترێی بە دووگیانیی ئافرەت چواندووە و هاوشێوەی مەریەم، ترێش بەبێ هاوسەرگیریی دووگیانبووە، بەڵام مەریەم لە ڕێگەی دەمەوە دووگیانبووە، کەچی ترێ دەمیشی نییە و دووگیانە، لە هەمانکاتدا، بەرهەمی دووگیانی ترێش لە بەرهەمی دووگیانبوونەکەی ( مەریەم) بە گرنگتر دەزانێت، شاعیر پێیوایە کە (مەریەم) کوڕی بووە، بە باوەڕی مەسیحەکان (عیسا) ڕۆحی (خوای گەورە) بووە، بەڵام ترێ، کە کەرەستەی سەرەتایی مەی و شەرابە مایەی خۆشی کامەرانیی و ئاسایشی هەموو خەڵک و پاشایانی جیهانە، لە ڕووی دژایەتیکردنیشەوە ترێ و شەراب بە گەورەتر دادەنێت، چونکە کەسی گەورە دووژمنەکانیشیان گەورە و بەهێزن و کەسی لاواز ناتوانێت دژایەتی بەهێزەکان بکات، شاعیر بەردەوام دەبێت لەسەر ئاماژەکردن بە داستانەکەی (عیسا) و نموونەی دژایەتی یەهوودەکان دەکاتە بەڵگەی باسەکەی بەوەی، کە کۆمەڵێکی کەم کەوتنە دژایەتی (عیسا)ەوە، بەڵام تەواوی موسڵمانان، کە زۆرترین ڕێژەی ئایینین لە جیهاندا، کەوتوونەتە دژایەتی ترێ و شەرابەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شەراب خۆڕاگر و بەهێزترە، چونکە (عیسا) لە ئاسماندایە و دروستکراوی مرۆڤەکان دەیپارێزێت، بەڵام شەراب لە دەستی پاشا و سەردارانی زەویدایە.

| | |
|---|---|
| عیبیش جز این نیست که آبستن گشتەست | او نوز یکی دخترکی تاز جوانست بی شوی |
| شد آبستن، چون مریم عمران | وین قصه بسی طرفەتر و خوشتر از آنست |
| زیرا که گر آبستن مریم به دهان شد | این دختر رز را، نه لبست و نه دهانست |
| آبستنی دختر عمران به پسر بود | آبستنی دختر انگور به جانست |
| آن روح خداوند همه خلق جهان بود | وین راح خداوند همه خلق جهانست |
| گر قصد جهودان بد در کشتن عیسی | در کشتن این، قصد همه اهل قرانس |
| آن را به سماوات مکان گشت و مر این را | بر دست امیران و وزیرانش مکانست |

(منوچهری: ٨_٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4/١/٤ شەراب وەک سەرچاوەی کامەرانیی و تەندروستیی شاعیر:**

وتەیەکی باو لە کۆنەوە لای ئێرانییەکان هەیە، کە دەڵێت شەراب مایەی مانەوەی مرۆڤە بەگەنجی وجوانیی، شاعیریش خۆشیی و شادیی و کامەرانییەکانی ژیانی دەبەستێتەوە بە بوونی مەی و شەرابەوە، لەم جیهانەدا بە نزیکترین دۆست و هاوڕێی خۆی ناودەبات و هاوشێوەی عاشقێکی پڕ تامەزرۆی مەعشوق بە دوای شەرابدا دەگەڕێت و دەڵێت: جێگای من لەگەڵ جێگای تۆدایە لە هەرکوێ هەوارت هەڵداوە ئەوە بارگەوبنەی منیش لەوێیە، ئەمەش حاڵەتێکی دەروونی لای شاعیر درووستکردووە، نیشانەی ئالوودەبوونی شاعیر دەردەخات، کە بەبێ مەی و شەراب ناتوانێت ژیان بکات، سەرباری ئالوودەبوونی شاعیر ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە منوچهری لە ژیاندا خۆش ژیاوە و هەمیشە عەوداڵی جێگای خۆش بووە بۆ ژیان، چونکە بەشێوەیەکی گشتی جێگای مەیخۆران جێگایەکی سێبەر و تەنیوو لە سەوزی و باغ و چیمەن بووە، لە کۆتاییدا شاعیر سوپاسی خوای گەورە دەکات، کە لەم ژیانەدا شەرابی پێبەخشیوە، چونکە شەراب بە مایەی ئارامیی ڕۆح و پاراستنی جەستە و خۆشییەکانی ژیان دەزانێت و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| با تست همه انس دل و کام حیاتم | با تست همه عیش تن و زیستن من |
| هر جایگهی کآنجا آمد شدن تست | آنجا همه گه باشد آمد شدن من |
| وانجا که تو بودستی ایام گذشته | آنجاست همه ربع و طلول و امد من |
| ای باده خدایت به من ارزانی دارد | کز تست همه راحت روح و بدن من |

(منوچهری: 69)

**5/١/٤ ڕەوینەوەی غەم و پەژارە:**

لە بابەتی مەینۆشییدا منوچهری هاوشێوەی شاعیرانی تر شەراب بە مایەی لە ناوچوون و ڕەوینەوەی خەمەکان دەزانێت، لەگەڵ شەرابدا دەکەوێتە قسەکردن و خۆی بە فیدای شەراب دەکات، کە مایەی بنبڕکردنی غەم و ناخۆشییەکانییەتی، بوونی شەراب دەبەستێتەوە بە سەرکەوتنی کارەکانی و پێدانی وزەی زیاتر، شاعیر لە خەو و بێداریشدا بە هەبوونی شەراب لە غەم و دەرد دوورە، پێچەوانەی هەموو مرۆڤەکانە لە مەسەلەی شادیی و غەمباریدا، چونکە هەموو مرۆڤێک لە خەودا دەکەوێتە حاڵەتی نەستەوەو دوورە لە هەموو غەمودەردێک و بێئاگایە لە جەنجاڵییەکانی ژیان، کەچی منوچهری پێیوایە ئەگەر لە خەویشدا شەرابی لەگەڵدا بێت بێ غەمە، کەواتە بەبێ شەراب لە خەویشدا غەمبارە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ای باده فدای تو همه جان و تن من — کز بیخ بکندی ز دل من حزن من
خوبست مرا کار به هر جا که تو باشی — بیداری من با تو خوشسست و وسن من
(منوچهری: ٦٩)

**6/١/٤ پەسنی چۆنێتی خواردنەوەی مەی و شەراب:**

شاعیر لە باسی چۆنێتی خواردنی شەرابدا، باسی یەک شێواز و یەک کەرەستەی خواردنەوە ناکات، بەڵکو لەگەڵ ناوهێنانی کەرەستە و شێوازەکانی خواردنەوەدا گریمانەیان بۆ دادەنێت، دەڵێت: شەرابەکە لە ناو پێک و پەرداغ، یاخود لە گۆزە و تاجدایە، یان ئەوەتا بە دەستمەوەیە بۆ خواردنەوە، یاخود لە دەممدایە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە شاعیر هیچکات دابڕاو نەبووە لە خواردنی مەی و هەمیشە بەردەوام بووە لە خواردنەوەی، ئەم بەردەوامبوونەش دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە شەراب لای شاعیر بۆنخۆش بووە، هاوشێوەی بۆنی بوخر کە لەکۆندا چارەسەری کۆکە و هەڵامەتی کردووە، شاعیر ڕەنگی شەرابی چواندووە بە مرۆڤیکی ڕەنگ و ڕوخسار سوور و تەمەنای ئەوە دەکات ئەو ڕەنگە سوورە ڕەنگی کراسەکەی بێت، چونکە کراس و جل و بەرگی مرۆڤ لە هەموو کەسێک نزیکترە لە جەستە و ئەندامەکانییەوە، ئەمیش ئارەزووەی ئەوەی کردووە، کە نزیکترین کەس لە منوچهرییەوە شەراب بێت و دەڵێت:

یا در خم من بادی یا در قدح من — بوی خوش تو باد همه ساله بخورم
یا درخم من هستی و یا در کاسه من — یا در دستم هستی و یا در دهانم
بوی خوش تو همه ساله بخور من باشد — ورنگ صورت تو (سرخ) لباس من باشد
(منوچهری: ٦٩)

**7/١/٤ غوسڵکردن بە شەراب:**

شاعیر ئارەزووی ئەوە دەکات لە دوای مردنی بە شەراب غوسڵی دەربکەن، کە ئەمەش لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا دژەیەکییەکە، داوادەکات گۆڕەکەشی لەژێر داری مێو، یا ترێدا بێت، کە سەرچاوەی دروستکردنی شەرابە، ئەمە ئەوە دەردەخات شاعیر لە دوای مردنیش پاشگەز نەبووەتەوە لە خواردنی شەراب لەسەرمەرگیشدا وەسێت بۆ هاوڕێیانی دەکات، کە ڕێورەسمی کفنکردن و لەگۆڕنانی پێچەوانەی هەموو خەڵک بێت، لەبری پارچەی کفن، گەڵای سەوزی مێو بکەنە کفنی، کە نیشانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوەدانییە نەک تەنهایی و مەرگی نێوگۆڕ، لەجیاتی ئاو بۆ شۆردنەوەی لاشەکەی شەرابی سوور بەکاربێنن، بە شەراب لاشەکەی ئاوبەرژێن بکەن، کە لە ڕاستییدا تەرمیان بە بۆنی عەتر ئاوپرژێن دەکرد، لێرەدا شاعیر بۆنی شەراب لە هەمووبۆنەکانی تر بە خۆشتر دەزانێت و ئەو بۆنە دەبێتە مایەی مۆمیاکردنی شاعیر و مانەوەی تەرمەکەی، وەک خۆی لە نیشتیمانی خۆیدا کە ژێر کەپر و داری مێوە، لە کۆتایشدا داوا لە خوا دەکات لە دوای مردنیش جۆگەیەکی شەرابی پێبدات، کە ئاماژەیە بە پاداشتەکانی خوا بە موسڵمانان لە ڕۆژی قیامەتدا و دەڵێت:

آزاده رفیقان منا من چو بمیرم — از سرخترین باده بشوید تن من
از دانه انگور بسازید حنوطم — وز برگ رز سبز ردا وکفن من
در سایه رز اندر، گوری بکندیم — تا نیکترین جایی باشد وطن من
گر روز قیامت برد ایزد به بهشتم — جوری می پر خواهم از زوالمنن من
(منوچهری:٦٩)

**٢-٤ مەینۆشیی لە قەسیدەی (ساقی وابادەوە)ی ناڵەی جودایی مامۆستا (هێمن)دا:**

**١/٢/٤ مۆنۆلۆگ:**

هێمن لەم قەسیدەیەدا هاوشێوەی چیرۆک و ڕۆمان تەکنیکی مۆنۆلۆگی پەیرەوکردووە، ئەم تەکنیکەش زیاتر لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بەکاردێت، (لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەشەوە خوێنەر بە حەزوخولیا و هەستە شاراوەکانی کاراکتەر ئاشنادەبێت، دەتوانێت لە ئاستەکانی بەر لە گوتن تێبگات)، (عەزیز، ٢٠١٤ : ٤٦). شاعیر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ و ڕووکردنە ساقی لە سەرەتای قەسیدەکەدا، دەیەوێت گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و لە شێوەی تکاوداواکرندا ڕوودەکاتە ساقی، کە بە هانایەوەبێت و بە زوویی پێکی بادەی بۆبهێنێت، چونکە هێمن کرپاری بەردەوامی مەی و کەسی هەمیشە ئامادەی مەیخانەیە، دەبێت کرپارە هەمیشەییەکان زووتر بەڕێبخرێن، شاعیر لەم مونۆلۆگەی لەگەڵ ساقیدا خەمباریی و بارە دەروونیەکەی خۆی و کۆڕی مەیخۆرانی بەیانکردووە، کە جگە لە خودی شاعیر زۆربەی میوانانی مەیخانە شاد و دڵخۆشن و ساقیش زیاتر بەلای ئەواندا دەڕوات و دەڵێت:

ساقیا وابادەوە، وابادەوە — ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانان کەمن — زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساقیا بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی    تۆش لەبەر ئەوە ملهوڕانە ملکەچی

(هێمن موکریانی، ٢٠١٢ : ٢٧٦، ٢٨٠)

### ٢/٢/٤ ئەو کەسانە کێن مافی خورادنەوەی مەییان هەیە

هێمنی شاعیر بەر لە هەموو کەسێک ماف و ڕەوایەتی خواردنەوەی مەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خود و دوالیزمێتێک لەنێوان خود و ئەودا دروستدەکات، جا وێنەی ئەو کاراکتەری ئەو لەم قەسیدەیەدا زیاتر لە کەسێکە و کارێکی زیاتری دراوەتەپاڵ، پاکی و ناپاکی، فریشتە و دێوزمەیەک، غەمبار و شادێک لە نێوان خود و ئەودا دەبینرێت، هەمیشە هێمن ئەو کەسانە دووردەخاتەوە لە خود، کە توانای گەیشتن بە ئاواتەکانیان نییە، بێهودە دەبن، هێمن پێچەوانەی ئایینی ئیسلام لەم قەسیدەیەدا دێتەگۆ، چونکە ئایینی ئیسلام بەهیچ شێوەیەک ڕێگای نەداوە بە خواردنەوە و نزیک بوونەوە لە مەی و شەراب، کەچی هێمن مەی بۆ خود و ئەوکەسانە بە حەڵاڵ دەزانێت، کە غەمبار و دوور لە نیشتیمان و ئازیزانن، هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بیرکردنەوەی مرۆڤانە و ئازادکردنی نیشتیمان، بەڵام ئەوانی تر کە ڕاناوی ئەوی بۆ بەکارهاتووە، بە هەوەسباز و بێ غەم و بێ بیرکردنەوە و گەڕیدەی شوێن حەزوئارەزووەکان ناودەبات، هەر لەبەر هەمان هۆیە پێیوایە ئەمانە بۆ گاڵتەوگەپ دێنە مەیخانە، بۆیە با مەیخانە بەم جۆرە کەسانە پڕنەکرێتەوە و تەمەنا دەکات مەی ببێتە ژەهر و ئەو ناپاکانە لەناوبەرێت، شاعیر لە ڕێگەی وشە شیعرییەکانییەوە دەبێتە دەسەڵاتدار و موفتی سەردەم و بڕیار لەسەر خواردنەوە و دیاریکردنی کەسەکان دەدات و دەڵێت:

ئەم شەرابە ئاڵە بێ دەرد نییە    لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە

بۆ کەسێکە مەی، چزیلکی پێوەنێ    بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پیوە نێ؟

(موکریانی: ٢٨٦)

ئەو کەسەی بێکەس نییەو خانەخەراپ    دەک بە ژەهری ماری بێت بادەو شەراب

ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی    تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی

بۆ دەبێت بێت و مەیخانە بکات تەنگ    شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەوجەفەنگ

(موکریانی:٢٨٧)

### ٣/٢/٤ مەی و ڕەوینەوەی غەم و پەژارە:

مەی لە شیعری هێمندا نەک تەنها خەمڕەوێنە، بەڵکو دەرمانی دەردی خەمبارانە، شاعیر نایەوێت لە ڕێگەی مەیەوە شادوبەختەوەر بێت، چونکە ئەو ژیانەی کە لەم ساقینامەیەدا ڕەنگیداوەتەوە هەڵبژاردەی خودی شاعیرە و ئامانجی ئەوەیە هیچ نەبێت بۆ ساتێکیش دووربێت لە غەموپەژارە و ئەو مەینەتییانەی ڕۆژگار، کە چەشتوویەتی، بەیادی لەئامێزگرتنی نیشتیمان و شادبوونەوە بە دۆست و خێزانەکەی لە دنیای مەستییدا بەو خەیاڵاتەوە گوزەربکات و مەینەتییەکانی وەک (تیری خەم، ئێش و برکی ژان، ستەم، زۆرداری بریندار، غوربەت، هاتنی دوژمن، پیری، بەرداشی زەمان، تۆزی بەدبەختی..هتد.)، کە بەتەواوەتی باڵیان بەسەر ئەو تێکستەدا کێشاوە، بە مەی و شەراب بەشێک لە هەڵچوون و خەمەکانی دابمرکێنەوە.

ئەم شەرابە تاڵە دەرمان خەمە — لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەری کەمە
بۆ کەسێکە مەی دڵی پڕ بێ لەداخ — بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماغ
(موکریانی: ٢٨٦)

### ٤/٢/٤ پەسنی ساقی و کۆڕی مەیخۆران:

ساقی و مەیگێڕ لە دنیای تەسەوف و کۆڕی مەیخۆرانی دنیاییشدا وێنەی جوانیی و سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران بووە و مەیگێڕ لە زۆربەی شیعرە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا هەبووە، لە کۆشکی میران و دەربارەکانیشدا ساقی ئافرەتی جوان و سەماکەر بووە، ئەگەرچی ئەمە لە شیعری تازە و مەیخانەکانی ئەو سەردەمی هێمندا لە کوردستاندا بوونیان نەبووە، بەڵام لەم قەسیدەیەدا ساقی لە وێنەی ئافرەتێکدا خۆی دەبینێتەوە، (عوسمان دەشتی) لەبارەی هێمن و ساقیەوە دەڵێت: ((دەی واوەرە، جۆرێک سوینەوەی زمانی تێدایە کە زیاتر لە زمانی ڕەشۆکی ناو خەڵکیدا بەکاردەبرێت، دیارە مەبەست لەو (وا) یانە،ئەوەیە کە شاعیر لەبری (بەرەو لای من، بۆ لای من) وەرە و ڕوو مەکەرە ئەم لاو ئەولا، بەکاریهێناوە، ئەم جۆری داڕشتنەی (وا بادەوە، وا وەرگەڕێ، وا وەرە)یش جۆرێک لە بانگکردنی بە ڕجاوتکا و پاڕانەوەی تێدایە، چونکە بادەخۆر هەر بە چاوی تکا و ئومێدەوە دەڕوانێتە بادەگێڕ و قەتیش گوتاری لەشێوەی ئەمر و فرمانی لە ئاست بەکارناهێنی)) (دەشتی، ٢٠٠٩: ٤٧_٤٨)، هێمن لە سەرەتای دێڕە شیعرەکانیدا ڕاستە بەشێوەی تکاوپاڕانەوە دەڕوانێتە ساقی، بەڵام لە ناوەڕاستی قەسیدەکەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیدێکی تر بۆ ساقی دەبێت و بە چاوی بەرژەوەندیخوازەوە دەڕوانێتە ساقی و کۆڕی مەیخۆرانی مەیخانەش بە ملهوڕ و هەوەسباز و فریودەری مرۆڤەکان بە زێڕوزیو، ڕێزنەگر لە هونەر و ئەدەب، ڕووی دەمی دەکاتە ساقی و سەرکۆنەی ئەو فریودان و ڕووکردنە لای کەسانی ماڵپەرست و چاوچنۆک و بە هانا نەهاتنەوەی خودی هێمن و پەروایزخستنی لە مەیخانەدا، جارێکیتر شاعیر هاوشێوەی دەستپێکی قەسیدەکە لە ساقی دەپاڕێتەوە، کە بەو مەیەی دەستی مەست و سەرخۆشی بکات و لەوپەڕی حاڵەتی مەستیشدا پشت بە ساقی دەبەستێت، داوای لێدەکات هاوکار و پشتیوانی بێت، بۆئەوەی لە مەیخانە نەکەوێت و نەبێتە جێگای گاڵتەجاڕی کەسانی مەیخانە، کە جێی متمانەی شاعیر نەبوونە، لەوپەڕی مەستیشدا کە گەیشتنە بەڕادەی ژیریی هونەرمەند، ساقی لە جوانییەکانی بەئاگادێنێتەوە، ئەو مەترسیانەش دیاریدەکات، کە جێگای ترس و لە ناوچوونی جوانییەکانی ساقییەو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ساقیا وا وەگەڕێ وا وەرگەڕێ | ڕوو لەلای من کە، مەچۆ بۆ سەر پەڕێ |
| ساقیا بۆ کوێ دەچی بۆ کوێ دەچی؟ | تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟ |
| تۆش بەڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو | چاوی تۆشی هەڵفیریواند زێڕ و زیوو |
| نامەچۆ جوانێ مەچۆ واوە مەچۆ | تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ |
| ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین | هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین |
| واوەرە، دەی واوەرە نێزیک بە لێم | بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم |
| (مست مستم ساقیا دستم بگیر | تا نیفتادم زپا دستم بگیر) |

(موکریانی: ٢٧٩_ ٢٨١)

**٥/٢/٤ لەسەربوون و لەپێشبوونی مەی:**

دیارترین بابەت و زاڵترین وشەگەلی نێو ئەم قەسیدەیە بابەتی مەی و پەسنی خواردنەوەی مەی و وێنەی ساقی و کەسانی نێو مەیخانەیە، دەستپێک و کۆتاییش بەهەمانشێوە تیشکخستنەسەر مەی و شەرابنۆشییە، مەی لەسەرووی ماندووبوون و بێهیوابوونی شاعیرە، دەیەوێت لە ڕێگای مەستییەوە، خودی تێکشکاو زاڵبکات بەسەر خەم و گلان و شکست و ببێتە مرۆڤێکی نوێ، هیچ شتێک لەپێشتر نازانێت، جگە لەمەی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کە دووریی و مەنفا لە ڕۆح و دەروونی هێمندا بەرپای کردووە و هەموو هەوڵوکۆششەکانی بۆئەوە لە کاردایە، بگاتە کوێستان و هەواری شاعیر و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوێ دەستی بە مەی بگات، جارێکی تر شوشەی شەراب بشکێنێت، ڕاستە هێمن پیر و کەنەف و بێ هێزە و بەهۆی مەی و شەرابەوە هێزی بە بەردا دێت و مەی هۆکاری ورە و وزەبەخشی شاعیرە، بەڵام لە کۆتاییدا لە ڕێگەی دژیەکی تاڵ و شیرینەوە ماچی شیرینی یار لەسەرتر دەزانێت، تاوەک تامی شەراب.

دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب ماچی شیرین نایەڵێت تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
( موکریانی: ٢٨٦_٢٨٧)

## جیاوازی و لێکچوونەکان لای هەردوو شاعیر:

**١-** مەنوچهری لەڕووی ژیانەوە خۆشگوزەران و بەکەیف بووە و شەرابیشی بۆ مەبەستی ڕابواردن و خۆشییەکانی ژیان نۆشیوە، بەڵام هێمن ڕووت و ڕەجاڵ و ئاوارە و دوورە نیشتمان بووە، ئامانجی لە خواردنەوەی مەی بۆساتێک ڕەوینەوەی خەمەکانی بووە.

٢- مەنوچهری بەشێک لە ساقینامەکانی تایبەت کردووە بە پەروەردەکردنی ترێ بۆ شەراب و پەسنی داری میوە و ڕێگای ڕەز و ترێ و دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی جێگاکانی خواردنەوە، کەچی هێمن بەهیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی ئەم باسانە نەداوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، هێمن کەیفی بە کەسانی مەیخانە نەهاتووە و لە هەندێک جێگاشدا هێرشدەکاتەسەر ساقی.

٣- منوچهری خواردنەوەی شەرابی تایبەت کردووە بە پادشا و دەربارەکان و بە نزیکترین کەس و لەپێش هەموو شتێکی هەردوو دنیاوە هاتووە، بە پێچەوانەوە هێمن مەی و شەراب لە دەسەڵاتدار و بێخەمان حەرامدەکات و ماچی شیرینی یار بەسەر شەرابدا دەسەپێنێت.

٤- هەردوو شاعیر ئاماژە بە کەرەستەکانی مەینۆشیی دەکەن، لەوانە: (بادە، پیاڵە، سەرخۆشی، مەستی، شەراب ، خانەخەراب و چزیلک پێوەنان ...هتد.)، تەنها ئەوە نەبێت هێمن بە چەند شێوازێک باسی ساقی و مەیگێڕ دەکات، کەچی ئەمە لە شیعری منوچهریدا بوونی نییە.

٥- هەردوو شاعیر مەی و شەراب بە سەرچاوەی ڕەوینەوەی غەم و شادی دادەنێن، ئەمە لەشیعری منوچهریدا، پرۆسەیەکە بەردەوامیی هەیە، بەڵام لای هێمن کاتییە، ئەم بابەتە ناوەرۆکێکی سیاسیی هەیە، هەردوو شاعیر دێنەسەر وەسفی ڕەنگی شەراب و بەئاڵوسوور دەینەخشێن، لەڕووی تامەوە لای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێمنە تاڵە، بەڵام منوچهری ئاماژە بە تاڵی شەراب ناکات و لە هەندێک شوێنیشدا ڕەنگەکەی بە سپی ناودەبات.

## ئەنجام:

١- منوچهری دامغانی، یەکێکە لە شاعیرانی سەردەمی سامانییان و پەیڕەوی شێوازی خوراسانیی کردوە، لەم سەردەمەدا بەهۆی خۆشگوزەرانیی شاعیرەوە، بابەتگەلێکی جیاوازی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، یەکێک لەو بابەتانە مەینۆشییە.

٢_ زۆربەی توێژەران لەو باوەڕەدان، کە مەینۆشیی لە ئەدەبی فارسیدا لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بووە، ساقینامە بەشێوەیەکی فەرمی لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەگەڕێتەوە بۆ رودکی شاعیر، بەڵام لای منوچهری گەیشتە چڵەپۆپە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتین و شایانی شیکردنەوە بوو لەسەر بابەتی ساقینامە لای منوچهری بریتی بوون لە (پەسنی ڕێگای باغی ترێ، لەسەربوون و لەپێشبوونی مەی، شەراب مایەی سەلامەتیی و هێشتنەوەی مرۆڤەکانە بە جوانیی و وەک خۆی، هێشتنەوەی تەرمەکانیش لەدوای مردن، لەناوبردنی غەم و بەرپاکردنی شادیی) بوون.

٣- هێمن موکریانی، لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارسیدا، ئەم ساقینامەیەی هۆنیوەتەوە، تێکستێکی لەم شێوەیە لەوەوپێش لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نییە، تێکستێکی لیریکییەو لایەنی خود بە ئاشکرا بەسەر تێکستەکەوە دیارە، ئەم تێکستەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاوارەیی و دوور لە نیشتمان و کەسوکار و بەیانکردنی ئەو دۆخە بە قەسیدەیەک.

٤- سەرەڕای ئەوەی ئەم تێکستە ناوەرۆکێکی سیاسی هەیە، بەڵام تەوەرەی مەینۆشی باڵی بەسەر هەموو تێکستەکەدا پۆشیوە و سەرەتاو کۆتای دێڕەکە پڕن لە بێژە و پێکهاتەکانی (مەی، ساقی خەرابات، مەیخانە بادە...هتد.) هەموو ئەم ئامراز و کەرەستانە هۆکارن بۆ دەربڕینی هەڵچونێکی خودی کە گوزارشت بکات لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەی مەیەوە، شیکردنەوە بۆ بابەتەکانی وەکو تایبەتکردنی مەی بۆ کەسانی چەوساوە و ڕووت و ڕەجاڵ، ڕەوینەوەی خەمەکان لەڕێگای مەی و لەپێشبوونی شەراب و گفتووگۆ دوور لە نیشتیمان و ئازیزان لەگەڵ ساقی و دەسەڵاتی زۆرداریدا ببنە جێگای ئەم باسەمان.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- گرنگترین بابەتە هاوبەشەکانی هەردوو شاعیر لە هۆنینەوەی ئەم جۆرە ساقینامانەدا، لەناوبردنی خەم و پەژارە و گەیشتن بە شادیی و کامەرانییە، بەڵام بەشێوازی جیاواز.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردیی:


__کتێب:__

- جزیری، مەلا (١٣٩٣هەتاوی)، دیوان، تهران، پانیز.
- دەشتی، دکتۆر عسمان (٢٠٠٩)، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٩٠)، مەلای جزیری شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی، هەولێر.
- خەزنەدار، دکتۆر مارف (٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم. هەولێر.
- محمود، سالار عزیز (٢٠١٤)، هزری فەلسەفی لە شیعری ملای جزیریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- موکریانی، هێمن (٢٠٠٥)، دیوان، کوردستان، عێراق.
- موکریانی، هێن (٢٠١٢) دیوان، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد.

__نامە ئەکادیمییەکان:__

- روندی، محمد عبدالرحمن (٢٠٠٤ )عشق لای ملای جزیری و حافزی شیرازی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی صلاحدین، هەولێر.
- کریم، هێمن (2021) مطالعه تطبیقی خمریات در دیوان حافظ شیرازی و ملای جزیزری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کوردستان، سنە.
- عەزیز، بێستون عارف (٢٠١٤)، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا ((٢٠٠٠-٢٠١٢))، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- خلیل، کامەران ئیبراهیم (٢٠٠٧)، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی صلاحدین، هەولێر.

__گۆڤارەکان:__

- عسمان دەشتی، دکتۆر عسمان (٢٠٠٩)، بنیاتی ئاواز و شێواز لە ساقی نامەی (ناڵەی جودایدا)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 12 .

- کریم، دکتۆر فەرهاد قادر ( ٢٠١٢) ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی هێمندا، مجملة كلية الاداب, العدد 102.
- کریم، دکتۆر فەرهاد قادر (٢٠١٩)، فیمینزم لە شیعرەکانی هێمندا، مجلة الاستاذ للعلوم الاسانية العدد الخاص باالمؤتمر العلمي السابع.

**به زمانی فارسی:**

- روح الله، موسوی خمینی(1383)، تحریر وسیله، ترجمه اسلامی، علی قم، دفتر انتشارات: اسلامی.
- ابن رسول، سید محمد رضا(1385)، مقایسه خمریات عربی و فارسی(رودکی و ابونواس)، فصلنامه تخصصی ادبیات فارسی دانشگاه آزاد مشهد، شماره 9، بهار.
- حیدری، رسول(1393)، تحلیل و بررسی باده و باده گساری در دیوان رودکی، منوچهری و خاقانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه ولی عصر ، رفسنجان
- خسروی، حسین(1386)، منوچهری و شعر عرب، نشریه ادبیات تطبیقی جیرفت، شماره 3، پاییز.
- زرین کوب، عبدالحسین(1363)، سیری در شعر فارسی، تهران: نوین.
- محجوب، محمد جعفر(1345). سبک خراسانی در شعر فارسی ، تهران: فردوس.
- منوچهری دامغانی، ابوالنجم(1338)، دیوان، به کوشش محمد دبیرسیاقی، تهران: زوار
- نجاريان محمدرضا و كهدويي، محمدكاظم(1390)، نگاه شاعرانه رودكي و ابونواس به خمريات، نشريه ادبيات تطبيقي (ادب و زبان نشريه دانشكده ادبيات و علوم انساني كرمان)، دوره 2، شماره4-
- حمیدی، خدیجه(1392)، نقد و بررسی خمریه‌سرایی در دیوان‌های رودکی، منوچهری، عطار و خاقانی، پایان نامه کارشناسی ارشد دانشگاه کاشان، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.
- مرادیانی، طیبه(1388)، « بررسی و مقایسه خمریات ابن فارض مصری و حافظ شیرازی»، پایان نامه کارشناسی ارشد رشته زبان و ادبیات عربی دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه کردستان.

# Analyzing and Combating Drinking Liquor in “Bartender” of Hemin Mukeriany with Two Poems of Drinking Liquor of Manuchari Damghani

**Hemn Karim M. Salih**
Department of Kurdish Language, College of Education, Sharazwr at Halabja University, Halabja, Kurdistan Region, Iraq
hemn.kareem@uoh.edu.iq

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Mariwan Hussein Farhan**
Department of Kurdish Language, College of Education and Language, Charmo University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
Marewan.husen@charmouniversity.org

***Keywords***: *Wine, Drinking, Hemn Mukriani, Menuchhri Damghani.*

## Abstract

Wine and drinking as important themes have always had clear reflections in the world of literature. Poets demonstrate their excessive zeal to the assemblage of wine and drinking. This type of literature originates from Persian literature with Rudaki and keeps being one of the underlying themes until reaches the top with Damghani. In Kurdish literature, Wine-purely secular meaning – as a dominant and pivotal theme starts with Hemn Mukryani. For thus reason Hemn is appointed among other Kurdish poets for this study. This article addresses this question, how wine and drinking reflect in both Poet's work. In a descriptive way, this article analyses a poem of Hemn and two poems of Damghni as materials of the study. Mutual aspects of wine and drinking can be noticed in their poems. Like Damghani, Hemn uses wine to take pleasure and as sort of escapism from difficulties of life.

## الملخص

يعد موضوع الخمر واحتساءه من المواضيع المهمة، التي لها مكانة وحضور في آداب الشعوب، فمجالس شرب الخمر ولذة نشوته موضع اهتمام الكثير من الشعراء، ففي الادب الفارسي يعود ظهور هذا النوع من الادب الى الشاعر (رودكي)، وعند الشاعر (دامغاني) يصل الى قمة الابداع والجمال، وفي الادب الكوردي يعد الشاعر (هيمن موكرياني) من ابرز شعراء الكورد يعير اهتماما كبيرا بالخمر وشربه من حيث المعنى الدنيوي، وهو سبب اختيارنا له في اجراء هذا البحث.

ان السمات والخصوصيات المشتركة بين (دامغاني) و(هيمن) في هذا النوع من الادب ونسج هكذا نوع من النظم، واستعمال الخمر للخلاص من معاناة الحياة اليومية، اي مدى انعكاس هذه الظاهرة في شعر الشاعرين؟ موضع تساؤل لدى الباحثين.

يعتمد البحث المنهج الوصفي التحليلي ومقارنة احدى قصائد (هيمن) بقصيدتين لـ(دامغاني) كإحدى ادوات البحث، والنتائج تؤشر الى ان وصف الخمرة ومجالس شربها لغرض الخلاص من هموم الحياة الفانية والوصول الى السعادة والنشوة واللذة، من السمات المشتركة في قصائد الخمر لهذين الشاعرين.